



# ڕێزلێنان لەبەرچاوگرتنی ماندووبوونی هونەرمەندانە


*سەنتەری ڕۆشەنبیری هونەری هیوا لە کەرنەڤاڵێکی شایستەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بە هونەرمەندی گەورە و خاوەن ئەزموونێکی گەورەی چەند ساڵ خەباتی هونەری کرد، هونەرمەند ئەحمەد سالار لەساڵەکانی شەست و حەوتەوە دەستی کردووە بە کاری هونەری و خاوەنی ١٣٢ کاری هونەریە کە ٢٨ کاری تایبەتە بە شانۆ و دواهەمین کاری هونەری شانۆیی دەرهێنانی شانۆیی بێکەسە.*

*ئا: ژینۆ عەلی*

هونەرمەند ئەحمەد سالار "ئەوەی لەم ئێوارە ڕێزلێنانە کە هەستم پێکرد ساڵەهایە کە لەم بوارەدا کار دەکەم کە لە شەست و یەکدا یەکەمین بەرهەمی شعریم بڵاوبووەتەوەو لە شەست و حەوتەوە کاری شانۆم کردووە، ئەوە نزیکەی نیو سەدە دەکات، بەڵام ئەوەندەی بەختەوەرم لە تێشوی ئەم سەفەرە درێژەدا تەنیا کێشەی سەرەکیم خەمی گەلەکەم بوو، شانۆیەکم بۆ شانۆی خەمی گەلەکەم بووە ئەمڕۆ هەستم بەوە کرد، کە ماندو نەبوونیان لێکردم بەناوی گەلێکی هۆشیارەوە ئەمە شەشەمین جارە خەڵات دەکرێم و ساڵی 72 خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت، کەبریتی بوو لە مێدالیای بابان، لەساڵی 77 خەڵاتی گەورەترین دەرهێنەری سەرجەم زانکۆکانی عێراقم وەرگرت، خەڵاتی پێشانگای نیشانەی عێراقم وەرگرت، خەڵاتی زێڕینی ڕۆشنبیری سلێمانیم وەرگرت لە 70 ساڵی مێژووی شانۆی سلێمانی بەختیارم هەمیشە بەشی شێرم هەبووەو شانۆ و کارەکانیشم دیارە شایەتێکی زیندووەو لەبەردەم گەلەکەم و مێژوو وخودا.

ماجید ئەنوەر بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری هیوای نوێ دەڵێت "دیارە خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ کەسانێکە کە شایستەی ئەوەن، ساڵانێکی زۆر لەناو هونەردا کار دەکەن، سەبارەت بە مامۆستا ئەحمەد سالار وتی: ئێمە ماندوبوونی هونەرمەندەکە لە بەرچاو دەگرین کە ساڵانێکی زۆر لە بواری شانۆدا کاری کردووە، ئێمە وەك سەنتەرەکەمان توانیمان خزمەتێکی بچووك بە گەورەیی ئەو هونەرمەندە بکەین. ئاماژەی بەوەشدا کە لە داهاتوودا پڕۆژەو بەرنامەیان زۆرە بۆ خەڵاتکردنی ئەو هونەرمەندانە کە وەك هاوکارێکی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو هونەرمەندانە بەسەرکەینەوە، وتیشی ئەم خەڵاتی ڕێزلێنانە ساڵانەیەو لە چوار مانگی کۆتاییدا هونەرمەندەکان بەسەر دەکەینەوە. سەبارەت بە خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندە گەنجەکانیش وتی: ئەو هونەرمەندانە پانتاییەکی زۆریان لە بەردەمدایە و دەتوانن کاری زۆر زیاتر بکەن.

هونەرمەند عومەر دڵپاك دەڵێت "چل ساڵ و چوار مانگ بەر لە ئێستا بە دیداری هونەرمەندی ئازیز مامۆستا ئەحمەد سالار گەیشتم لەدوای بەیەك گەیشتنمان لە بەغداد هەستم کرد کە ئەم کەسە گەورەیە دوارۆژێکی پڕشنگداری دەبێت، بۆچوونەکەم بۆچوونێکی باش دەرچوو کە ئێستا گەورەیی و توانای ئەم هونەرمەندە لەناو هونەری کوردیدا دەردەکەوێت، یەکێکە لەو هونەرمەند و نووسەرە بەتوانایانەی کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین، شایەنی هەموو ڕێزلێنانێکە و پێویستە لەوە زیاتری بۆ بکرێت و زووتر ئەم ڕێزلێنانەی بۆ بکرایە.
کارێکی زۆر جوانە خەڵات بەخشین ڕێزێکی تایبەتی هەیەو بەشێوەیەکی گشتی شانازی کردنە، ئەوەی لای من لە خەڵات گرنگتر و جوانتر و پیرۆزترن ئەو کەسانەن کە خەڵات دەبەخشن، ئەو کەسەی کە خەڵات دەبەخشێت ئەو کەسە لە خەڵاتەکە گەورەترە، ئەو هەنگاوانەی کە ئێستا دەنرێت بۆ بەخشینی خەڵات هەنگاوێکی زۆر پیرۆزەو دەستخۆشی





بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خەڵات دەبەخشنن و هونەرمەندان هەڵدەبژێرن بۆ ئەو ڕێزلێنانە. ئاماژەی بەوەشدا کە تەنیا خەڵاتی ڕێزلێنان با هونەرمەند نەبێت و ئەو کەسانەی دەستنیشانی ئەکەن بۆ خەڵات، شایەنی ئەو ڕێزلێنانەو ئەو خەڵاتە بن وەك هونەرمەند، خەڵات بکرێن ئەگەر لەڕووی ڕاستی بابەتەکەوە تەماشابکرێت، ئەم کارە پێویستە حکومەت بیکات و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەم کارە هەڵسێت خۆشحاڵە بەوەی ئەگەر حکومەتیش نەیکات، گرنگ خەڵاتی ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندەکان. ئاماژەی بەوەشدا کە تەنیا هونەرمەند خەڵات نەکرێت و ئەو کەسەی کە چەندین ساڵە خزمەت دەکات خەڵات بکرێت.

هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی" دەڵێ: ئەمە کەرنەڤاڵی خەڵاتی ڕێزلێنانە و زۆر پێویستە بۆ ئێستای میللەتی ئێمە واتایەکی قوڵی هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت لە ژیانی خۆیاندا مەزنە مرۆڤانی کورد هونەرمەندو ئەدیبانی کورد ئەوانەی ساڵانێکی زۆر ماندوبوون و کۆششیان کردووە، سوپاسی ئەو سەنتەرە دەکەم، کە رابەرێکی گەورەی شانۆی ئێمەیان لەیاد بوو، ڕێزلێنان لە مامۆستا ئەحمەد سالار ریزلێنان بوو لەهونەری کوردی و شانۆی کوردی و تیپە شانۆییەکانی کوردستان و هەموو ئەو هونەرمەندانەی لەسەرەتاکانی حەفتاوە کاریان لەگەڵ مامۆستا سالار کردووە، بەڕاستی ئەمڕۆ وامزانیوە ڕێز لە منیش دەنرێت، بەختەوەرم کە مامۆستاو هاوڕێکەی خۆمم بینیەوە ئەمڕۆ ئەم خۆشەویستیە زۆرەی پێشکەش کرا، دیارە کە شایەنی ئەو خۆشەویستیەو زیاتریشە. هونەرمەند یاسین قادر پێشیوایە لە هونەری کوردیدا داهێنان گرنگە، وتی:

هیوادارم ئەم ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندە گەنجەکانیشمان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هەنگاوەکانیان جێگیر بێت و سبەینێ پاشەڕۆژیان بگاتە ئاستی هونەرمەندانی وەك مامۆستا ئەحمەد سالار.

کەمال چالاکی هونەرمەند دەڵێت" ئەم خەڵاتی ڕێزلێنانە شتێکی پیرۆزە و جوانە بۆ هونەرمەندان و تەنیا ئەم خەڵاتە هونەرمەندان نەگرێتەوە بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە لەبوارەکانی تردا کاردەکەن بکرێت، ئەم ڕێزلێنانە بەردەوام بێت و شتێکی نوێ و جوانە بۆ هونەرمەندان و کولتوورێکی تازەیە بۆ ماندونەبوونی هونەرمەندەکان، پێم باشە ئەم ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندە گەنجەکانیشمان بکرێت بۆ پاڵپشتیان بۆ ئەوەی زیاتر کاربکەن و ئیشی جوانیان هەبێت. پێویستیشە لەلایەن حوکمەتەوە ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندان بکرێت.



کاوە ئەحمەد میرزا دەڵێ" مامۆستا ئەحمەد سالار تەمەنێکی دوور و درێژی لە شانۆی کوردیدا بەسەر بردووە، بەبێ وچان بەردەوام بووە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی هونەرمەندان بە تایبەت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شایانی لەوە زیاترە، ئەمەش کولتوورێکی نوێیە و هەنگاوێکی باشە کە هونەرمەند لە تەمەنی خۆی و لە ژیانی خۆیاندا ڕێزیان لێبگیرێت، هونەرمەندان بۆ لەدوای مردن پیاهەڵدانی بۆ بکرێت، با لەکەرنەڤالێکی وادا ریزی لێبگیرێت بۆئەوەی کەمێك وەفای بەینەوەو ئاگاداری کەینەوە لە خۆشەویستی خۆمان.





## مەلەک :

# حەزناکەم هیچ نازناوێک بۆخۆم دابنێم چونکە دایکم ناوی لێناوم مەلەک

خانمە هونەرمەند مەلەک رۆژهات لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری وانێ سەر بە ناوچەی وانێ ناوچەی ئەلباک لەدایک بووە. بۆماوەی سێ ساڵە لە کوردستان دەژیت. لەدیمانەیەک لەگەڵ گۆڤاری «گوڵان» دەڵێت: حەزدەکەم بە تەنیا دەربکەوم لەبواری هونەری.

**حەزم نەکرد ناوی خۆم بگۆڕم، لەبەرئەوەی دایکم ناوی لێناوم**

مەلەك دەڵێت: حەزناکەم هیچ نازناوێك بۆخۆم دابنێم، چونکە دایکم ناوی لێناوم مەلەك.

**گۆرانییەکی ناسری ڕەزازیم لەبەرهەمەکەم وتۆتەوە**

مەلەك وەك باسی دەکات و دەڵێت: لەتەمەنێکی منداڵییەوە دەستم بەکاری هونەری کرد سەرەتا لەگــەڵ چەند گرووپێکی هونەری کارم کرد. دوایی بەرهەمێکم کرد لە ســاڵی "2004" بەناوی "ئەشقا جودا" کەسەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. ئەمساڵیش بەرهەمێکی ترم بڵاو کردەوە بەناوی "دوریا ئەڤینێ" کە دوومانگ پێش ئێستــا کەوتە بــازاڕ. ئــەم ئەلبوومە پێکهاتووە لەدوانزە "تراك" ســودوم لە گۆرانی فۆلکلــۆر وەرگرتووە هەروەهــا گۆرانیەکی ناسر ڕەزازیشــم وتوە بەناوی "هەرتۆم دەوێت. کلیپێکیشم کردووە کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لەلایەن ڤین تیڤیەوە.

**حەزەکەم بە تەنیا دەرکەوم**

مەلــەك دەڵێت: گۆرانیەکم بەشــێوەی دویت لەگــەڵ هونەرمەند بلند وت، ئێســتاش زۆر هونەرمەنــدی بەتوانا داوام لێدەکــەن کــە گۆرانییان لەگەڵ بڵێم، بەڵام تاکو ئێستا بڕیارم نەداوە، چونکە حەز دەکــەم بەتەنیا دەرکەوم. لەداهاتووش لەوانەیە لەگــەڵ هونەرمەندێك گۆرانی بڵێم.

**لەبەرهەمەکانمدا ئاوازی تورکیم بەکارهێناوە**

مەلەك دەڵێــت لەبەر ئەوەی لەکوردســتانی باکوور لەدایك بوومــە و ئاوازی تورکی زاڵە بەسەر کارەکانم.

**تێکست هەڵبژاردنی زۆرقورسە**

مەلەك لەبارەی هەڵبژاردنی تێکستەوە دەڵێت: هەڵبژاردنی تێکست بۆمن کارێکی زۆر قورسە، بەڵام ئەدیب چەلەکەك زۆر یارمەتیم دەدات.

**پێوەندیم زۆر باشە لەگەڵ هونەرمەندان**

مەلەك وەك باســی دەکات و دەڵێت: پێوەندیم زۆرباشە لەگەڵ هونەرمەندە تورکەکان، هەروەها پێوەندیم لەگــەڵ هونەرمەنــدە کوردەکانیش هەیە.

**لەکوردستانی باکوور کچ زۆر ژێر دەستە**

مەلەك وەك باسی دەکات و دەڵێت: لەکوردستانی باکوور کچ زۆر ژێر دەستە، چونکە تاکو ئێستا داب و نەریتــی کۆن هەر زاڵە بەســەریان و ئازادی زۆر کەمە.

**کاتێك بووم بەگۆرانی بێژ زۆر ڕێگرم هەبوون**

مەلــەك دەڵێت: کاتێك بــووم بەگۆرانی بێژ، خێزانەکەم زۆر ڕێگریان لێکردم بەتایبەتی خاڵ و مام و دایکم تامەوەیەك دایکم لێم زویر بوو، بەڵام من گوێم پێنەدان ئەوان هاتنە ڕێچکەکەی من بەردەوام بووم لەسەر کاری خۆم.

**ئەوکەسەی دەبێت بەهاوسەرم دەبێت ڕەوشتی بەرز بێت**

مەلەك دەڵێت: تائێستا بیرم لەژیانی هاوسەری نەکردۆتەوە، بەڵام ئەوکەسەی دەبێت بەهاوسەرم دەبێت ڕەوشــتی بەرزبێت و ڕێز لەمن بگرێت، لایەنی ماددی لای مــن گرنگ نییە، چونکە هەمووشتێك پارە نییە.

**حەز لەجلوبەرگی کوردی دەکەم**

مەلەك لەبــارەی جلوبەرگەوە وتــی: حەز لەجلــی تازە و جــوان دەکەم، هەروەها حەز لەجلی کوردی دەکەم.

**حەز لە مکیاژ ناکەم**

مەلــەك دەڵێــت زۆر حەز لەمکیــاژ ناکەم، حەزدەکەم کەسێکی ئاسایی بم.

**گەرکەسێك بگری منیش لەگەڵی دەگریم**

مەلەك دەڵێت: کەسێکی زۆر دڵ ناسکم گەر کەسێك لەپێشم بگریت، منیش لەگەڵی دەگریم.

**پێش ئەوەی ببم بەگۆرانی بێژ مامۆستای قورئان بووم**

مەلــەك وەك باســی دەکات و دەڵێت: پێش ئەوەی ببم بەگۆرانی بێژ مامۆستای قورئان بووم و وانەم دەوتەوە. هەوەرها هەموو مانگی ڕەمەزانیش بەرۆژوو دەبم و نوێژ دەکەم.

**گەر ماڵ پیس بێت چاوم هیچ نابینێت**

مەلــەك دەڵێت: گەر مــاڵ پیس بێت چاوم هیــچ نابینێت. زۆر حــەز لەپاك و خاوێنی دەکەم، زۆر خورادنیش ئامادەبکەم.





# ئەنجلینا لەسەری ساڵ چی دەكات؟

ئەســتێرەی ســینەمایی ئەمریكی ئەنجلینا جۆلی رایگەیاند بە نیازە لەئاهەنگی سەری ساڵدا كارێك ئەنجام بدات كە ببێتە ســپرایز بۆ خانەوادەكەی، ماڵپەڕی بیبۆل لەســەر زاری ئەنجلینا بڵاویكردەوە كە ئەنجلینا پێی راگەیاندووە بۆ ئاهەنگی ســەری ساڵ بە شێوەیەكی هەڕەمەكی شــوێنێك هەڵدەبژێرن، بێئەوەی وەكو چەند ســاڵان پێشتر شــوێنەكەیان دیاری بكەن، ئەنجلینا هەروەها وتی: هەر لە ئێستاوە دیاریم بۆ شەش منداڵەكەم كڕیوە و ئەوەی دڵخۆشم دەكات ئەوەیە كە ئاهەنگی ئەم ســاڵ هاوكاتە لەگەڵ بڵاوكردنەوەی نوێترین فیلمی خۆم بەناوی (گەشتیار) لەگەڵ جۆنی دیب.





## جیهاد دڵپاك: درامای كەركوك 4 تەنیا پانزە ئەڵقەی وێنەی بۆ گیراوە

هونەرمەند جیهاد دڵپاك دانیشــتووی شاری ســلێمانیە لەلێدوانێك بۆگوڵان بــاس لەدوایــن كاری هونەری خۆی دەكات و دەڵێت: ئێستا بەشداریم لەكورتە فیلمێك كردووە بەناوی ”ئاوازی ڕەش“ كەتایبەتە بەئافرەت. هەروەها بەشداریم لە درامای گەردەلوول كردووە كەئێستا وێنــەی بــۆ دەگیرێــت، وەك ئەكتەر بەشدارم.

لەبــارەی درامای كەركــوك 4 وتی: بەشــداریم لەدرامای كەركوك 4كردووە وەك ئەكتــەر تەنیــا 15ئەڵقە وێنەی گیراوە، لەبەر لایەنی ماددی تەواو نەبوو راگیرا، ساڵی داهاتــوو وێنەی بۆ دەگیرێت.



## دڵنیا: قژە درێژەكەی بڕی

**هونەرمەنــد دڵنیا قەرەداغی لەلێدوانێكدا بۆ گوڵان باس لەدواین كاری خۆی دەكات و دەڵێت: ئێستا خەریكی كلیپێكم كە بۆ نەورۆز تەواو دەبێت، گۆرانیەكم تایبەت بۆ كوڕان وتوە. هەروەها بەنیازم گۆرانی بادینیش ئامادەبكەم. زۆریش حەزم دەكرد وەك ”ئومكەلسوم“ ببام.**

**دڵنیا ئاشكراشی كرد كەئێستا قژی خۆی بڕیوەو ستایلی گۆڕیوە، دەشڵێت. دەمێك بوو قژم ڕەش بوو، ئێستا قژم زەردەو كورتە.**



# نازێ:
# حەز لەگۆشت ناكات

خانمـــە هونەرمەند نازێ عەزیزی لەلێدوانیكدا باس لە دواین كارەكانی خۆی دەكات و دەڵێت: بەرهەمی ئەم جارەم پێكهاتووە لەحەوت "تراك" زۆربەی ئاوازەكانی هی خۆمە و تكێستەكانیشی هی خۆم و مهاباد قەرەداغی و وەفاییە.

نازێ دەشـــڵێت: حەزەكەم ئۆتۆمبێلەكەم دوو دەرگا بێت و حەز ناكەم هیچ ئۆتۆمبێلێكم بەناو بكرێت. هەوەرها حەزم لەخواردنی گۆشـــت نییە.

لەبـــارەی جلوبەرگەوە نازی وتی: زۆر حـــەز لەجلی كوردی دەكەم. حەزدەكەم لەداهاتوو لەبواری هونەری ببم بە قوتابخانەیەك.

# لەدوای مۆنیكا و وەنەوشە ماتۆرسكیلێك بەناوی پاریس هیلتۆن كرا

پاریس هیلتۆنی كچە ئەكتەری و میراتگری زنجیرە هۆتێلەكانی هیلتۆن لە مەدرید ئامادەی نمایشـــێكی تیمـــی Super Martxe ماتۆرســـكیل بوو كە تایبـــەت بوو بە بیزنســـمانە ناودارەكانی جیهان، لەم نمایشـــەدا پاریس پروپاگەندەی بۆ یەكێـــك لە ماتۆرســـكیلەكان كرد كە دواتر هەمـــان ماتۆرســـكیل بەناوی پاریسەوە كرا.








بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

**شەریف قەیران:**

# پێویستە هونەرمەند ئاوازدانەر و گۆرانیبێژیش بێت



هونەرمەند شەریف قەیران لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ە و لەدیاربەکر چاوی بەدنیا هەڵێناوە، لەدیمانەیەکەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لەدواین کاری خۆی دەکات و دەڵێت هونەرمەند زەکەریا دەرگایەک بوو بۆمن بۆ ئەوەی بە زاراوەی کرمانجی خوارو ئاشنابم.

ئا: رۆشنە

**یەکێك لەگۆرانیەکانم کە بەکرمانجی خواروو کلیپ دەکەم**

شەریف دەڵێت: بەرهەمی «ڕۆژانەتە پیرۆز» سێ مانگ پێش ئێستا کەوتە بازاڕ. لە16 گۆرانی (تراك) پێکهاتووە، دوو تراکیان سۆرانین و یەك تراك زازاکیە. ئەوانیتریش بەزاراوەی کرمانجی سەروون. هەروەها بەنیازم یەکێك لەگۆرانییەکانم سۆرانییەکانم کلیپ بکەم بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ، چونکە ئەمە یەکەم کارمە کە گۆرانی بەشێوەزاری کرمانجی خواروو بڵێم.

**لەداهاتوو لەگەڵ هونەرمەند چنار گۆرانیەك بەشێوەی دویت دەڵێم**

شەریف قەیران هۆکاری تۆمارنەکردنی گۆرانی بەشێوەی دویت لەگەڵ هونەرمەند چنار وتی: ئێمە بەنیاز بووین لەبەرهەمی دوایم گۆرانیەك بەشێوەزاری کرمانجی لەگەڵ هونەرمەند چنار تۆماربکەین، بەڵام بەداخەوە لەبەرنەبوونی کات نەمانتوانی. خۆم حەزم دەکرد کارێکی جوان بێت بۆئەوەی بۆهەردووکمان باش بێت. لەداهاتوو بەنیازم لەگەڵ گۆرانیەك بەشێوەزاری سۆرانی تۆماربکەین و کلیپی بۆبکەین.

**پێویستە هونەرمەند ئاواز دانەر و گۆرانی بێژیش بێت**

شەریف قەیران پێیوایە هونەرمەند ئاوازدانەر و گۆرانی بێژبێت، چونکە ئەوکات دەزانێت چ کارێك بکات، لەکارەکانی سەرکەوتوودەبێت. هەروەها ئاماژە بەوەدەدات و دەڵێت: پێویستە هونەرمەند ئاواز بەتەنیا بۆبەرهەمەکانی خۆی دانەنێت، هونەرمەندێکی تریش بۆی دابنێت باشترە.

**لە 90% گۆرانی بێژە تورکەکان ئاوازی منیان بەکارهێناوە**

شەریف دەڵێت» لە 90% ئاوازم بۆ گۆرانیبێژە تورکەکان داناوەو بەکاریان هێناوە لەبەرهەمەکانیان وەکو «ئەلیشان و مەحسوم قورمزی و جەیلان و ئەیهان.....» لەگۆرانی بێژە کوردەکانیش «عەبدولقەهار و ناسر ڕەزازی» حەزدەکەم بۆهەموو هونەرمەندێك کاربکەم. ئاوازەکانم بەکاربهێنن.

**هەندێك هونەرمەند مافیان خواردوم، بەڵام ناویان نازانم**

هونەرمەند شەریف قەیران دەڵێت: زۆربەی هونەرمەندەکان کە کارم بۆیان کردبێت ئاماژەیان بەناوی من داوە، بەڵام هەندێك هونەرمەند هەن کە ئاوازم بۆداناون ئاماژە بەناوم نادەن مافم دەخۆن لەمە، بەڵام ناوی هونەرمەندەکان نازانم.

**زەکەریا دەرگایەك بوو بۆ من بۆئەوەی بە زاراوەی سۆرانی ئاشنابم**

شەریف قەریان لەبارەی هونەرمەند زەکەریا دەڵێت «لەساڵی 2001 کاتێك زەکەریا هاتە ئیستەنبوڵ هونەرمەند کاوە کاوانی هاتە لام وتی وەرە هونەرمەندێکی کوردت پێبناسێنم، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم ئەویش زەکەریا بوو. کاتێك یەکترمان ناسی وتی دەمەوێت لە ئیستەنبوڵ کاری هونەری بکەم و حەزدەکەم یارمەتیم بدەی،. بەرهەمی «ناتبینم ڕۆژێ»ی تۆمارکرد. من و کاوە کاوانی و بژار دیلان و زەکەریا کارمان لەسەر ئەم بەرهەمە کرد. کلیپی «نەت بینم ڕۆژێ و تونازەناکە» سیناریۆکانی هی من بوو. بەڕاستی زەکەریا دەرگایەك بوو بۆمن بۆئەوەی فێرە زاراوەی سۆرانی و ئاشنابم بەکوردستان. لێرەوە دەڵێم زەکەریا گەر ژمارەکەی منت زانی پێوەندیم پێوەبکە، چونکە دەمێکە نەمبینیوە.

**کچ ڕەفزم دەدەنێ**

دەتوانین بڵێین شەریف قەیران ئاشقە لەمبارەیە بەپێکەنینەوە وتی: بەڵێ دەتوانن بڵێن کە شەریف قەیران ئاشقە، بەڵام ئێستا نا، لەبەر ئەوەی ئێستا بەدوای دەگەڕێم و کچ ڕەفزم دەدەنێ.

**حەزدەکەم ئەوکەسەی دەبێت بەهاوسەرم بێکارنەبێت**

شەریف لەبارەی ئەوەی بۆچی حەزناکەی هاوسەرەکەت گۆرانیبێژ بێت وتی «زۆر قورسە کە هەردووکمان گۆرانی بێژ بین. ئەوکات ئەی ماڵ و منداڵەکەمان چی بەسەر دێت. حەزدەکەم ئەوکەسەی دەبێتە هاوسەرم کاری هەبێت بێکار نەبێت، هەر لەماڵەوە گوڵە بەڕۆژە بخوات و سەیری تەلەڤزیۆن بکات.

**زۆرحەز لەگۆشت دەکەم**

شەریف قەیران دەڵێت «زۆرحەزلەگۆشت و برنج دەکەم، بەڵام نازانم هیچ خواردنێك ئامادەبکەم، بەس دەزانم هێلکە بشکێنم و چا ئامادەبکەم.

**بەنیازم فیلمێك لەسەر هەڵەبجە وەبەربهێنم**

شەریف دەڵێت «بەنیازم فلیمێك لەسەر هەڵەبجە وەبەربهێنم کەتیایدا هونەرمەند شڤان پەروەریش ڕۆڵ دەبینی، سیناریۆ و دەرهێنانەکە هی خۆمە، مانگی سێ دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ وێنەگرتن.



